**هەرێمی کوردستان / عێراق**

ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی
سلێمانی

ژمارە: ٢٦٥/س/٢٠١٧
بەروار: ٢٠١٨/١/١٠

Judicial Council

## بـــڕیـــاری دادگـــــا

دۆسیەکەدا جێگیر کراون ، وە پاش دڵنیا بوون لە بوونی مەرجە شێوەیەکان( الشكلية) لە تیانوسی تێهەڵچوونەوەدا بڕیار درا بە وەرگرتنی لە ڕووی شێوەوە وە لەسەر داوا دەستکرا بە دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا.

بریکاری تێهەڵچوکار تیانوسی تێهەڵچونەوەی دووبارە کردەوەو داوای کرد بڕیار بدرێت بە پێ ی داواکاری ئاماژە بۆ کراو لە ناوەرۆکەکەیدا. وە بە پرسیاری دادگا تێهەڵچوکار ڕوونی کردەوە کە ئەو هاوبەشێکە لە هاوبەشەکانی کۆمپانیای ئیلۆ وە بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کەسێکە بەناوی وە ئەو بڕە پارەیەی کە داوای کردوە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمپانیای ناوبراو بەڵام لەبەرئەوەی کە کۆمپانیای تێهەڵچولەسەرکراو قەواڵەی شایستە داراییەکانی بەناوی ئەوەوە کردوە بۆیە خۆی داوای تۆمارکردوە .

بریکاری تێهەڵچولەسەرکراو لە وەڵامی تیانوسی تێهەڵچونەوەدا نکولی لە ناوەرۆك و هۆکارەکانی کرد وە تەواوی ووتەو داواکاریەکانی قۆناغی بەرایی دووبارە کردەوەو داوای پشتگیری بڕیاری بەرایی تانەلێدراوو ڕەد کردنەوەی تیانوسی تێهەڵچونەوەی کرد لە گەڵ خستنە ئەستۆی تێهەڵچوکار ڕەسم و تێچوونی تێهەڵچوونەوە.

دواتر هەردولا وتە وداواکاریەکانیان دووبارە کردەوە ولەبەرئەوەی کە هیچ نەما بوترێت دادگا بڕیاری کۆتایی دادبینی ڕاگەیاند و بڕیاری خۆی بە ئاشکرا خوێندەوە لە ڕۆژی (١٠/٠١/٢٠١٨).

## بــڕیـــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ دەرکەوت کە بڕیاری دادگای بەرایی ٤ بابەتی تانەی تێهەڵچوونەوە کە بە ژمارە (٢٦٥/س/٢٠١٧) دەرچووە لە ( ٢٩/ ١٠/ ٢٠١٧) بڕیارێکی ڕاستە لە ڕووی ئەنجامەوە، بە هۆی ئەوەی کە تێهەڵچوکار دانی نا بەوەدا کە پارەی داواکراو لەم داوایەدا دەگەڕێتەوە ۆ بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کەسێکە بەناوی ( وە تێهەڵچوکاریش یەکێکە لە هاوبەشەکانی کۆمپانیاکە ، لەبەرئەوە ڕکابەری سەبارەت بە تێهەڵچوکار لە داواکەدا ئاڕاستەکراو نیە وە بابەتی ڕکابەری بابەتێکە پەیوەندی بە سیستەمی گشتیەوە هەیە دەکرێ لە هەموو دادگاکان بوروژێنرێت ، وە ئەگەر ڕکابەری ئاڕاستەکراونەبوودادگا بۆخۆی بڕیار دەدات بەرەدکردنەوەی داواکە بێ ئەوەی بچێتە ناو بابەتی داواکە بەندی ( ٨٠ / ١ ) لە یاسای دادبینی شارستانی ،بەمەش تانەی تێهەڵچوونەوە بنەمای یاسایی نامێنێ وشایستەی ڕەدکردنەوەیە . وە لەسەرداوا بڕیاردرابە پشتگیری کردنی بڕیاری بەرایی ژمارە (٩٦٨ / ب / ٢٠١٧ ) دەرچوو لە دادگای بەرایی سلێمانی / ٤ لە ( ٢٩/ ١٠/ ٢١٧٠) وە خستنە ئەستۆی تێهەڵچووکار ڕەسمی بەرایی و تێهەڵچوونەوە وە کرێ ی پارێزەری بۆ بریکاری تێهەڵچوولەسەرکراو بە بڕی ( ٧٥٠٠٠٠) دینار بۆ هەردوو قۆناغی بەرایی و تێهەڵچوونەوە، بڕیارێکی ئامادەییە وشیاوی پێداچونەوەیە وبەکۆی دەنگ دەرچوو وە ڕاگەیەنرا بە ئاشکرا لە (١٠/٠١/٢٠١٨).

سەرۆك
دادوەر

## هەرێمی کوردستان / عێراق

ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی
سلێمانی

ژمارە: ٢٦٥/س/٢٠١٧
بەروار: ١٠ / ١ / ٢٠١٨

Judicial Council

## بــــڕیـــاری دادگـــــا

---

دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی بەسیفەتی بنەڕەتی پێکهات لە ١٠ / ١ / ٢٠١٨ بەسەرۆکایەتی جێگری سەرۆك دادوەر بەڕێز و ئەندامیەتی دادوەران بەڕێزان
کە ڕێگەپێدراون بە دادوەریکردن بەناوی گەلەوە، وە ئەم بڕیارەی خوارەوەی دەرکرد:-

**تێهەڵچووکار/ داواکار/**

تێهەڵچوو لەسەرکراو/ داوالەسەرکراو/

بریکارەکەی پارێزەر:

**داواکار لەبەردەم دادگای بەرایی ٤ لە داوای بەرایی ژمارە (٩٦٨ / ب / ٢٠١٨) بانگەشەی ئەوەی کردوە کە بڕی ( ٧٤٠٠٠٠٠) حەفتاو چوار ملیۆن دیناری لە گەردنی داوالەسەرکراو دایە کە باقیاتی پارەی ئەو کارەیە کە بۆی کردوە لە ساڵی ٢٠١٠ لە دروستکردنی ( ٥٠ ) هەیکەلی خانو لە پرۆژەی گۆران ستی لە هەڵەبجە بە پێی ڕێک کەوتنی نێوانیان ، وە بەهۆی نەدانی تەواوی پارەکە تێهەڵچوکار توشی زیانی مادی بوە بەڵام داوالەسەرکراو ئامادەنیە ئەو بڕە پارەیە بدات بۆیە داوایکرد بانگهێشت بکرێت بۆ دادبینی وبڕیاربدرێت بە پابەندکردنی بە گەڕانەوەی ئەو بڕە پارەیەی سەرەوە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داواکە وماندوبوونی پارێزەرایەتی.**

لەئەنجامی دادبینی ئامادەیی وئاشکرا دادگای ناوبراو بڕیاری دەرکردوە بە ژمارە (٩٦٨ / ب / ٢٠١٨) لە ( ٢٩/ ١٠/ ٢٠١٧) بە ڕەدکردنەوەی داوای داواکار وخستنە ئەستۆی ڕەسم وخەرجی داواکە لەگەڵ ماندوبوونی پارێزەرایەتی بریکاری داوالەسەرکراوپارێزەر بەبڕی (٧٥٠٠٠٠) حەوت سەد وپەنجا هەزار دینار، بڕیارەکە شیاوی تێهەڵچونەوەو وپێداچونەوەیە. وە داواکار تانەی لەوبڕیارەکەداوە بەتێهەڵچونەوە بەپێی تیانوسی ڕەسم لێدراو لە ( ٨/ ١١/ ٢٠١٧ ).

دوای گەیشتنی تیانوسی تێهەڵچونەوە لەگەڵ دۆسیەی داوای بەرایی بۆ ئەم دادگایە تۆمارکرا بەژمارە (٢٦٥/س/٢٠١٧) وڕۆژی (١٠/٠١/٢٠١٨) دیاریکرا بۆ دادبینی، وە ڕێکارەکانی دادبینی بەم شێوەیەی خوارەوە بەڕێوەچوو:-

لە دانیشتنی دادبینی ڕۆژی ( ١٠/ ١/ ٢٠١٨) دوای بانگردنی لایەنەکانی داواکە تێهەڵچوکار( وە بریکاری تێهەڵچولەسەرکراو پارێزەر ( ) ئامادەبوون بە پێ ی ئەو بریکارنامانەی کە لە

سەرۆک
دادوەر